عێراق لە پلەی حەوتەمی گەندەڵترین وڵاتانی عەرەبیە



عێراق لە لیستی گەندەڵترین وڵاتانی عەرەبی پلەی حەوتەمی بەدەستهێناوە، هەروەها لە پلەی 154ی شەفافترین وڵاتی جیهانە بە ساڵی 2023 لە کۆی 180 وڵاتی ڕیزبەندی 154ەمی وەرگرتوە، بەمەش عێراق لە ئاستی وڵاتانی عەرەبی بەراورد بە ساڵی 2021 لە هەمان پلەدا ماوەتەوە.

بەگوێرەی راپرتکی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ئەمڕۆ سێشەممەدا باڵاویکردۆتەوە، دانیمارك بە کۆکردنەوەی 90 خاڵ پلەی یەکەمی لە نێوان کەمترین گەندەڵ و شەفافترین وڵاتانی جیهاندا بەدەستهێناوە، لە دوای ئەویش فینلاند دێت کە بە 87 خاڵ پلەی دووەمی بەدەستهێناوە، دواتر نیوزلاند بە کۆکردنەوەی 85 خاڵ پلەی سێیەمی بەدەستهێنا، نەرویجیش بە کۆکردنەوەی 84 خاڵ لە پلەی چوارەمدایە.

بەگوێرەی ڕاپرتەکە، "عێراق بە کۆکردنەوەی 23 خاڵ لە پلەی 154ی جیهانیدایە و لە پلەی حەوتەمی وڵاتانی عەرەبیدایە، لە پێش ئەویش سۆماڵ، سوریا، سودان، یەمەن، لیبیا و

ئەریتریا وەك گەندەڵترین وڵاتانی عەرەبی هاتون

ئەوەشخراوەتەو، وڵاتانی سۆماڵ، سوریا، باشوری سودان، ڤەنزوێلا و یەمەن لەپلەی

بەرزترین ئاستی گەندەڵیدا بون و دوایین پلەکانی خشتەکەیان داگیرکردوە.

ڕێکخراوەکە ساڵانە ڕاپۆرتکی تایبەت بە گەندەڵی بڵاودەکاتەوە، کە هەڵسەنگاندنکە

لەسەر پێوەرێك لە سفرەوە بۆ 100 کە وڵاتان لە زۆرترینەوە بۆ کەمترین گەندەڵی پڵەن

دەکات، ڕاپۆرتەکە لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی ڕێکخراوەکە لە 13 دەزگای

نێودەوڵەتی کۆکراوەتەوە، لەنێویاندا بانکی نێودەوڵەتی و کۆبەندی ئابوری جیهانی.